هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٥٢) لە ٢٠٢٠/٥/٥

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی دەوامی فەرمی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧) لە ٢٠٢٠/٥/٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. دەستپێکردنەوەی دەوامی فەرمی فەرمانبەران لە دیوانی سەرجەم وەزارەت دەستە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٦ەوە.

٢. پێدانی دەسەڵات بە وەزارەت و دەستە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت، بۆ دەستپێکردنەوەی دەوامی دامەزراوە و فەرمانگەکان و ڕێکخستنی دەوام بەپێی پێویست و بە مەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزاری و ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتییان لە ٢٠٢٠/٥/١١ەوە.

٣. فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی دەکات بە مەبەستی کارئاسانی لە جێبەجێکردن و ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتییان بە شێوەی ئەلیکترۆنی.

٤. هاووڵاتییان لە دوای ٢٠٢٠/٥/١١ دەتوانن سەردانی فەرمانگەکان بکەن بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانیان بە لە بەرچاوگرتنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان.

٥. پێویستە لەسەر گشت وەزارەت و دەستە و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا جێبەجێ بکەن و فەرمانبەران و کارمەندان و هاووڵاتییانیش لە کاتی سەردانیکردنی فەرمانگە حکومییەکاندا ئەو ڕێنماییە تەندروستییانە وەکو خۆی جێبەجێ بکەن، بە پێچەوانەوە لە پێناوی پاراستنی تەندروستی گشتی لێپرسینەوە لە سەرپێچیکاران دەکرێت.

٦. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران